# ئینسانیەتی هاوچەرخ پێویستی بە مەنصور حکمت بوو

ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی جولای مەنصور حکمت گەورەترین ئینسان دۆستی ئەم سەردەمە، مەزنترین خەباتکاری ڕێگای گێڕانەوەی حورمەتو ڕێز بۆ ئینسان، شێلگیرترینو بەرچاوڕۆشنترین مارکسیستی ئەم چەرخە بۆ یەکجاری چاوی لێکنا. بە بوونی مەنصور حکمت خەبات بۆ ڕزگار کردنی بەشەرییەت لە چنگی نابەرابەریو ستەم ئاسان تر بوو ئەو چرای ڕۆشنو ڕابەری ماندوو نەناسی تێکۆشەرانی ڕێگای بەدی هێنانی ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانی ئینسانەکان بوو، لەدەست دانی ئەم ڕابەرە گەورەیە یانی درێژبوونەوەی مێژووی ستەمو نابەرابەری، یانی ڕەنجی زیاتر، کوێرەوەری، فرمێسکو حەسرەت، هەژاریو برسێتی زیاتر بۆ ئینسانیەتی چەوساوەی ئەم سەردەمە... بەهەق بەشەرییەتی هاوچەرخ پێویستی بە مەنصور حکمت بوو.

ئێمە لە ئازاری لەدەست دانی ژوبین، لە سوێی دابڕان لە نادری ئازیز، خۆمان بە هاوبەشی خەمی هاوڕێو خۆشەویستی ئەو ئازەری ماجیدیو تەواوی هاوڕێیانو هاوڕێبازانی لە هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقو ئێران دەزانین. کۆستی گەورەمان بە لەدەست دانی ئەم ڕابەرە مەزنە برینێکی سارێژ نەبووەوەی لە ناخماندا دروست کرد.

مەرگ ژوبینی ئازیزی لە ئێمە سەند، لە نادری خۆشەویستی مەحروم کردین. بەڵام هیچ هێزێك ناتوانێ جێپەنجەی ئەو لەسەر مێژووو ئایندەی ئێمە، کۆمۆنیستەکانی ئەم دەورو زەمانە، بسڕێتەوە. ئەو لە توند پێچەکانی ئایندە لەگەڵمان نییە، چیدی لە هەورازو نشێوەکان دەستمان ناگرێت. بەڵام گەنجینەیەك لە تیئوریو ڕۆشنگەری، گیانێك کە ئەو دووبارە کردیەوە بەبەر ڕەخنەی تیژو هەمەلایەنەی مارکسیستیدا، عیشقی قووڵی بە ئینسانو ئازادی، چرای ڕێگاو هێزی ئەژنۆمانە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، مەنصور حکمت جێمان ناهێڵێ، و ئێمەش هەرگیزاو هەرگیز دەستبەرداری نابین.

**بژی مەنصور حکمت**
**بژی کۆمۆنیزمی کرێکاری**

**ریکخراوی دەرەوەی ولات**

**خەسرەو سایە**

**شەماڵ علی**

2002-07-08